

# مردن ئاشکرای کردم

**جەلیل کاکەوەیس**

لە ئەلف و بێکەی باڵدارەوە فێری بەرزەفڕیی بووم، ئیدی دوو شاباڵم لێ ڕوواو خۆم گەیاندە ژووره چەپەک و نادیارەکەی ڕاسکۆلینکۆف، کە چوومە ژوورەوە بینیم یەکجار تەنها و نامۆیە.

بەهەلم زانی و سەری حەکایەتێکی دوورودرێژم لەگەڵیدا دامەزراند: دەزانم میوانێکی ناوەختەم، بەڵام لێم مەگرە منیش تەنهایی پرزەی لێ بڕیوم و لەتەمەنم دەخواتەوە. ئاخر تا ئێستا نە فریشتەیەک هاوسۆزیی کردووم و نە شەیتانێک، بۆیە وەک نەبوویەک نە ئازارێکم بەکەسێک گەیاندووە و نە زەردەخەنەیەکم خستووەتە سەر لێوێک. ڕەنگە من و تۆ لە تەنهاییدا یەک ڕەگوڕیشەمان هەبێت، لێ من وەک تۆ دەستم بەخوێنی پیرێژنێکی داماو سوور نەبووە.

زانیم لە کات و شوێنێکی نەگونجاودا نهێنییەکم ئاشکرا کردووە و ئیدی پاشگەزبوونەوە چ دادێکم نادات، بۆیە ترسی ئەوەم لێ نیشت وا بەرانبەر کەسێکی دەمامکداری ترسناک خوێنی خۆم حەڵاڵ کردووە و بەوای دەم نەوەستراویمەوە بێ ئەوەی دەنگم بەکەس بگات بۆ هەتا هەتایە شوێن بزر دەبم و کەسێک نازانێت گۆڕەکەمیش لەکوێیە، کەچی زۆر زەبوونانە سەری بەردایەوە و گوتی:

_وا دیارە تۆش مناسا ونبوویەکی ئەم دنیایە بیت و... دەی با خەیاڵت ئاسوودە بێت، ئیدی من بکوژەکەی جاران نیم!

وتم: من سەردەمێکە عەودالی کەسێکم تا باسی نهێنی تەنهایی خۆمی بۆ بکەم و کەمەکێک ئەو بارە قورسەی تەمەنێکە کوناوکون دەیگێڕم سووک بکەم، لێ ئەفسووس تۆش...

وتی: باشتر وایە لەتەکانی خۆت کۆبکەیتەوە، چونکە فریای ڕاوێژ و ژاوەژاوی ئەو هەموو لەتە دژانەی خودی خۆت ناکەویت. جاران منیش یەک پارچە بووم و چون تاقە کەسێکی خاوەن ناسنامە دەناسرام، لێ ئەو کابرایە کە ناوی دەستۆیڤسکییە لەت لەتی کردم و بەم دەردەی بردم و ئیدی وام لێهات هیچ لەتێکم لەوی دیکەم نەچێت. تا ئێستاش نازانم کام لەتم بوو ئەو کەتنەی کرد و لە گوناهـ باری کردم، ئیدی منیش لەوساوە دوای ئەو چارەنووسە کەوتووم کە دەستۆیڤسکی بۆی دیاری کردووم.

ویستم بڵێم منیش دەمێکە لەت لەت کراوم و تا ئێستا نەمتوانیوە پارچەکانی خۆم کۆبکەمەوە، بۆیە هەر لەتێکم حەکایەتی خۆی هەیە؛ لەتە دیار و ئاشکراکەم کۆسەیەکی بێ تووک و سیفەت مێیانەیە، کەچی لەتە پەنهان و نادیارەکەم سیما زبر و دەنگ گڕە و هاوار دەکات و دەڵێت: من کوڕە تاقانەکەی دایبابی خۆمم، کەچی لەتەکەی دیکەم شەرمنانە بەچپەدوو دەڵێت؛ (خودایە، من خۆمیش نازانم چ بوونەوەرێکم، نێرینەم، یان مێینە!).

پێم وابوو ڕاسکۆلینکۆف بەدڵوداو گوێی بۆ هەڵخستووم، بەڵام کاتێ بە ئاستەم ڕووناکییەک زایە نێو پێڵووەکانم، مینا خەونێکم دیبێت، زانیم لە ژوورەکەی خۆمدام و ڕاسکۆلینکۆف هەتەری نەماوە. ویستم گوڕبەستمەوە و هەستم، لێ زانیم نە زمانم گۆدەکات و نە ئەندامەکانی دیکەی جەستەم لەژێر دەسەڵاتی خۆمدا ماون. لەو دەمەدا تاقە شتێک کە بۆ من مابووەوە تەنها هەستی بیستنم بوو، ئەویش بەئاستەم گوێم لە چپەچپ و وژە وژێک بوو. زانیم ژوورەکەم لێوانلێوە لەو دەنگانەی کە پێشتر ئاشنایان بووم، ئەو دەنگانەی کە قەت نە گوێیان لێگرتم و نە هەستیان بە ئازارەکانم کرد.

ئەم ژووره هەم نیشتیمان و هەم گۆڕی خۆم و ڕازەکانم بوو، بۆیە پێم وابوو جووڵە و ڕەفتارەکانم لە دنیای دەرەوە دەشارێتەوە، ئەم بیرکردنەوەیە وای لێکردم لە نیوە شەودا بە خەڵوەتی جەستەی ڕووتەوە لەبەردەم ئاوێنەکەی قەد دیوارەکە چەندان سەعات بووەستم و لە نهێنییەکانی جەستەی مەتەڵامێزی خۆم ورد ببمەوە، کەچی لەپڕ چەند دەنگێک لە ناوەوەی خۆمدا دەکەوتنە دەحکە و ململانێ:

– ئێمە قاوغێک کۆی کردووینەتەوە، بەڵام هەموومان بەیەک نامۆین، قاوغێک کە ناوی زریانە و نازانێت گوێ لە کاممان بگرێت.

– ئاهـ! هەر یەکەمان دەیهەوێ ناوی زریانی ڕاستەقینە بسڕێتەوەو ناوێکی تازە لەخۆی بنێت.

ئێستا هەمان ئەو دەنگانە دەژنەوم، بۆیە ویستم زار هەڵێنم و بڵێم: ڕاسکۆلینکۆف، زووکە فریام بکەوە، من ئیدی حەوسەڵەی ئەم دەنگە ناسازانەم نییە، دەی خێرا چون پیرێژنە داماوەکە سەرنگوومم بکە، دەی لە زۆربڵێیی و چەلەحانێی لەتە ناکۆکەکانی خۆم قورتارم بکە.

دڵنیا نەبووم ئاخۆ ئەو ژاوەژاوە دەنگی لەتەکانی خۆمە، یان دەنگی ئەو ژنە دراوسێیانەمن کە بە درێژایی ژیانم هەم وەک مێینەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردم و هەم شوێنە هەستیارەکانی جەستەی خۆیان لێ نەدەشاردمەوە، هەر ئەوانیش بوون بەردەوام گومانی ئەوەیان لا دروست دەکردم کە لە ڕەگەزی خۆم بەگومان بم.

لەپڕ وای بۆچووم کە ئەو دەنگانەی دەیان ژنەوم هی ژنە دراوسێکان نین، بەڵکو دەنگی فریشتەکانی خودان و هاتوون لێپرسینەوەم لەگەڵدا دەکەن، لەو گوناهـ و کەتنانەم دەکوڵنەوە کە سەرەڕۆیانە کردوومن. ئەرێ من هیچ کەتنێکم کردووە؟! ویستم پڕ بەگەرووم بانگ هەڵبدەم و بڵێم: هۆ فریشتەکانی خودا، پێم وابوو ئێوە بە هەموو چیرۆکەکانی ژیانم ئاشنان و هاتوون ناسنامەی ڕەگەزی ڕاستەقینەی خۆم بدەنە دەستم و ئاسوودەم بکەن.

بیرۆکەیەکم بەخەیاڵدا هات و وتم: مادام بۆ مەبەستێکی دیکە هاتوون، کەواتە بەر لەوەی ڕوحم بکێشن و لەگەڵ خۆتاندا بیبەن، مۆڵەتم بدەنێ با چیرۆکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە: جگە لەم پەسلانەی وا ئێستا بۆتان هێناوم، من پەسلانێکی دیکەشم دیوە، ئەو ڕۆژە بۆ من کۆتایی دنیابوو کە ڕێکەوتی بەرەبەیانێکی مانگی جۆزەردان بوو، لە ئامێزی گەرمی دایکمدا بە دەنگی «الصلاة خير من النوم» وەئاگا هاتم، کە چاوم هەڵێنا کۆمەڵە دەنگێکی دیکە؛ هاژەی دەسترێژی تەقە و گریان و هاوار بەرزبوونەوە و دەنگە خوداییەکەیان کپ کردەوە. بەحەپەساوییەوە هەستام و زانیم لە ئامێزی دایکم نەماوم. چاوم گێڕا و چەند چەکدارێک بەنێو ماڵەکەماندا پەرت بووبوون و دەستی دایکم بەدەستی

یەکێکیانەوە بوو کە جلی سەربازی لەبەردا بوو. نەمزانی خەون دەبینم، یان دیمەنێکی ڕاستەقینە، ئاخر هەموو بەیانییەک لەم ساتەدا بەدەنگی نەرم و لێوانلێو لە پاڕانەوەی باوک و دایکم وەئاگا دەهاتم کە لەسەر بەرماڵەکانیان لەخودا دەپاڕانەوە؛ «خودایە ئەم ڕۆژە نوێیەمان بێ ئافات بێت»، کەچی دایبابم نە فریای نوێژی بەیانی کەوتن و نە وەک هەمیشە نزایان بۆ بەختەوەری من کرد! لەو بوولێڵەدا هەریەکەیان دەستی بەدەستی سەربازێکی نەدیو و نەناسەوە بوو، تا دەهات دەبوون بە تراویلکە و دوور و دوورتر دەکەوتنەوە. ئاخر جگە لەوان و ماڵەکەی خۆمان نە پەرستراوێکم هەبوو، نە نیشتیمانێک. لەو دەمەدا سەربازێک بەرەو ڕووم تەکانی دا، منیش بەخەیاڵی منداڵانەی خۆم بەفریادڕەسم زانی و پێم وابوو دەستم دەگرێت و دەڵێت: «مەگری کوڕیژگە مەگری هەر ئێستا بە دایبابت شادت دەکەمەوە!»، کەچی وەک واشەیەکی برسی چنگی لێگیرکردم و لەسەر گازەرای پشت تەختی کردم. ئیدی نە فریای تەماشاکردنی چاوە ترسناکەکانی کەوتم و نەگریان و هاوارێک، تەنها هەستم بە ئاگرێکی دایساوی نێو ڕانەکانم کرد ، لەو ساتەدا لە حەژمەت ئازار ئاگام لەوە نەبوو کە چووک و هەر دوو باتووم لەژێر گوشاری پۆستاڵە دەستاڕاساکانیدا بوون بە ئاوە زلزڵە و ئاوی ژیان و ماکی زوریەتیان تێدا چک بووە. دنیا لە چاوەکانمدا بوو بە شەوەزەنگ و نە تروسکایی مانگ و ڕۆژی تێدا ما و نە جریوەی ئەستێرە. هەر لەو ساتەدا بانگەلاکەی دایکم «زریاااااان....» بۆ هەتاهەتایە لە گوێچکەمدا کپ بوو.

هۆ فریشتەکانی خودا، پێش ئەوەی ڕوحم ببەن و جەستە خامۆشەکەم جێبهێڵن مۆڵەتم بدەنێ با چیرۆکەکەم تەواو بکەم و بگەڕێمەوە بۆ ئەو ساتەی کە لە حەژمەت ئاگری نێوان ڕانەکانم وەئاگا هاتم و ڕووناکییەکی کز و سارد بەئاستەم چاوی پێ هەڵبڕیم و زانیم گزنگی خۆری تازە هەڵاتووە. کەمەکێک چاوم گێڕاو دنیایەکی کپ و خامۆش و بێ ئاوەدانی ئامبازم بوو، تەنها شتێک کە وەک تارماییەکی تەڵخ هاتە بەرچاوم پاشماوەی ئەو ئاوەدانییە بوو کە تا دوێنێ نیشتیمانی من بوو. تارماییەکە هەموو ڕووداوەکەی دوێنێی هێنایەوە یادم.

دوو دەنگەکەی لای ڕاست و چەپم بە چپە دەیان گوت:

– وا دڵی لە لێدان کەوت و جەستەی خامۆش بووەوە. دەی با مشووری شتنی بخۆین، بەڵام ئێمە نازانین...

زانیم دەیانهەوێ بڵێن ئێمە نازانین لە چ ڕەگەزێکە، نێرە، یان مێ! ویستم هاوار بکەم و بڵێم : من بە نێرینەیی لەدایک بووم و کوڕە تاقانەکەی دایک و باوکی خۆم بووم، لێ ڕەگی ژیان و ڕەگەزیان وشک کردم، نە هێشتیان ئۆخەیەک بکەم و نە بگەم بە ساتەکانی نێرڤانا، نە هێشتیان ئاینێکم هەبێت و نە نیشتیمانێک. پەلەم بوو پێش ئەوەی لە گۆڕێکدا قەتیسم بکەن، بڵێم: من بۆ ئەوە تەڕایی ڕەگەزم چک نەکرا تا لە دەربارێکدا چاو نەبڕمە مەمکی تورت و کەفەڵی مێینەکانیان، بەڵکو بۆ ئەوە بوو لە گەرووی وەچەی منەوە نە چریکەی ئای ئایەک سەر بکات و نە لاوکێکی سەرچیایی.

دەمزانی هێشتا چیرۆکەکەم تەواو نەبووە و زۆر شت ماون و بوون بە گرێی سەر دڵم، بەڵام تا دەهات دەنگەکانم بە کزی و پچڕپچڕ دەبیست، پێم وابوو وا بەرزم دەکەنەوە و بۆ شوێنێکی دیکەم دەبەن. لەگەڵ بەرزکردنەوەمدا گوێم لە دوا دەنگ بوو یەکێک وتی: «ئێمە هەموومان لە قووڵایی ڕوحماندا توخمایەتی خۆمان لەدەست داوە، بەڵام ئەم نێرینە بوو و بە زۆردارەکی لە توخمی خۆی هەڵیان گەڕاندووەتەوە».

زانیم ئەمە دوا دەنگە کە دەیبیستم، ئاهێکم پێدا هات و خۆشنوود بووم بەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆم بۆ بەدگومانەکان جێهێشت.

**۳/ ۱۱/ ۲۰۱۷**